بەناوی خوداوەندی بەخشندە و میهرەبان

# پیرۆزبێ ولادەتی پێشەوای ئیسلام و ئینسانیەت حەزرەتی محمد( ص )




حمد و ثنا و سوپاس بۆ خودا و درودی بێ پایان بۆ گیانی پاك و بەرزی پایەبەرز حەزرەتی محمد رەسوڵی خودا (ص) و لەسەر کەسان و یارانی.براو خوشکە موسلمانە کوردەکان، ١٢ی مانگی ربیع الاول یادی ڕۆژی لە دایك بوونی پێغەمبەری ئیسلام خاتەمی پێغەمبەران محمد المصطفی یە(ص) ئەو پێغەمبەرەی کە دوای وێستانەوەی وەحی و گۆردران و بەلاڕێداچوونی ئاینە ئاسمانیەکان و بێ داشداربوونی ئینسانیەت، خوداوەندی خاوەن ڕەحم و بەندە پەروەر بڕیاری ئەزەڵی خۆی بە ناردنی گەورەترین پێغەمبەر بەتەواوترین ئاین و ڕێ و شوێنەوە هێناجێ. ئەو پێغەمبەرەی رەوانەکرد بۆ زیندووکردنەوەی تەوحیدو پەرەپێدانی دادگەری و بەرین کردنی ژیان بەیەکسانی و ئازادی و رزگاری لە بەندایەتی بەندان و سەربەخۆبوون و سەربەرزی بە بەندایەتی خودا.محمدی کوری عبداللە کوری شەیبە(عبدالمطلب) کوری هاشم و دایکی ئامینە کچی وەهب لە بەرەی زوهرە لە دوازدەی مانگی ربع الاول ساڵی فیل لە شاری مەککە لە دایك بووە. عبداللەی باوکی بەرلەوە، لەشاری مەدینە کۆچی کردبوو.پێغەمبەری ئیسلام لەدایك بوو، باوکی نەبوو، دایکی بەخێوی کردو باپیری بە هەمووتوانا چاودێری نەوە بێ باوکەکەی خۆی دەکرد. بەپێی رێوشوێنی مەککەییان بەدایەن درا لە دەرەوەی شار بۆ ئەوە لە نەخۆشی شار بەدووربێ و زمانی عەرەبی پەتی لەناو عەشایەر فێربێ.دوایی هێندراوە لای دایك و باپیری. شەش ساڵانەبوو لەگەڵ دایکی چوو بۆشاری یثرب مەدینەی ئێستێ بۆ دیدەنی خزمانی بەرەی خاڵوانی عبدالمطلب.کە گەرانەوە لە(أبواء)دایکی نەخۆش کەوت و فەوتی کرد.حەزرەتی محمدی شەش ساڵانەیان هێناوە مەککە لای باپیری. هەشت ساڵانەبوو عبدالمطلب ی باپیری کۆچی دوایی کرد. بەڵام سپاردی بە ابوطالبی کوری کەبرای دایکی و باوکی عبدالله بوو. ابوطالب لەگەڵ خۆی بردی بۆ سەفەری شام، لەرێدا لە نزیك دەیریك خستبوویان راهبی ئەو دەیرە بەناوی بەحیرا بەنیشانە حەزرەتی محمدی ناسی و دوایی بە ابوطالبی گوت ئاگات لەم کورەبێ و وریابە، لەشام یەهودیەکان نەیبینن، ئەمە داهاتوویێکی گەورەی دەبێ، حەزرەتی محمد(ص) لە منداڵیەوە خاوەنی خوو و رەوشتێکی جیاواز لە هاوشاری و هاوتەمەنەکانی بوو، تێکەڵ بە کاری هەرزەی نەدەبوو. ئارام و لەسەرخۆبوو، خواردنەوەو شەوگەری و شەونشینی نەبوو،سجدەو کڕنووشی بۆ بت نەدەبرد ئەوەندە پاك و دروستکاربوو خەڵکی مەککە پێیان دەگوت محمدی ئەمین. پەیمانێك لە مەککە بەسترا بۆ دیفاع لە غەریبە و بێ دەسەڵاتان کە یارمەتیان بدرێ نەهێڵن دەسەڵاتداران حەقەکەیان بخۆن حەزرەتی محمد لەگەڵ زوبەیری مامی لەو پەیمانەدا بوون. حەزرەتی محمد(ص) کاری دەکردو تەنانەت خۆی فەرموویە کە بەچەند قیراط شوانیم بۆ خەڵکی مەککە دەکرد. کە ئەمانەت و دەستپاکی و راستگۆی حەزرەتی محمد بۆ خەڵك دەرکەوت، خەدیجەی کچی خویلدی کوری ئەسەد کە بێوەژنێکی بازرگان و دارابوو، کاروانی بازرگانەکانی دەچوو بۆ شام و وێرای بازرگانەکانی مەککە، داوای لە حەزرەتی محمدکرد بەسەرپەرەستی لەگەڵ کاروانەکەی بچێ و شتێکی بۆ دیاری کرد حەزرەت چووبە ئەمانەت و دلسۆزی کاری بازرگانیەکەی ئەنجامدا. خەدیجە ئافرەتێکی زۆر بەرزبوو، زۆر لە پیاوانی قورەیش دەیانویست خەدیجە شوویان پێ بکا، نەیدەکرد. بەڵام ئەوەندەی دروستکاری و دەست پاکی و راستگۆیی لە حەزرەتی محمد دیبوو، ئامادەبوو شووی پێ بکا، ئافرەتێکی بەناوی نەفیسەی لێ ڕاسپارد حەزرەتی محمد(ص)بەمامەکانی خەبەردا حمزەی مامی لەگەل چوو خوازبێنیان کرد و خویلدی باوکی خەدیجەی لە حەزرەتی محمد مارەکرد.خەدیجە ٤٠ ساڵە بوو حەزرەت ٢٥ ساڵە بوو سێ کوڕ و چوار کچی لێی بوو وەتا خەدیجە فەوتی نەکرد، ژنی تری نەهێنا حەزرەتی محمد(ص) بەرلەوە وەحی و سروشی لەلایەن خوداوە بۆبێ، خواوەند بە خەوی راست دایگرت، هەر خەوێکی دەیدی وەك درکەی بەیان وەدی دەهات، ئەمجار ئارەزووی تەنیای خستەدڵیەوە، هیچ شتێکی لە تەنیای و دووری لەو کۆمەڵگە خراپەی شارەکەی پێ خۆشتر نەبوو ئاو و خواردنی دەبردە ئەشکەوتی حرا وەئەگەر هەژارو نەدار بهاتنایە بەشی ئەدان.

مانگی رەمەزان لە ئەشکەوتی حرا دا دەماوە، لەوێ بوو لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا سروش و وەحی بۆ سەر نازڵ بوو.

دەفەرموێ نەفەرێك هاتە لام، رووی تێ کردم، گووتی بخوێنە، گوتم خویندەوار نیم، بە خۆیەوە گوشیم تا تینم بۆ هات، پاشان بەری دام، گوتی بخوێنە، گوتم خوێندوار نیم، دیسان بە خۆیەوە گوشیم تا تینم بۆ هات، پاشان بەری دام، گوتی (" اقرا باسم ربك الذی خلق، خلق الانسان من علق" " اقرا وزبك الاكرم الذی علم بلقلم علم الانسان مالم یعلم ") دەفەرمووێ بەدڵە تەپەو ترسەوە هاتمەوە لای خدیجە، ئەوەی دیبووم بۆم گێڕاوە، زۆر دەترسام لەوە تێك بچم پاشان خدیجە دڵخۆشی داوە، گوتی تۆ خاوەن چاکەی پیادەی ماندو سوار دەکەی و یارمەتی لێ قەوماوان دەدەی واللە خودا دەست لە تۆ بەرنادا هیچ کات، دەفەرمووێ ئەمجار وحیم بۆ سەر نازڵ دەبوو دوایی دستووری راگەیاندنی رسالەتەکەی پێدرا خدیجە ئیمانی پێ هێنا، علی کوڕی ابو تالیب کە لەزووەوە لە ماڵی پێغەمبەر(ص) دەژیا ١٠ ساڵانە بوو موسوڵمان بوو زیدی کوڕی حاریثە کە کۆیلەی ئازاد کراوی بوو حەزرەت کردبووی بە کوڕی خۆی، ئیمانی پێ هێنا.

ئەوە لە ماڵی خویدا، پاشان ابوبکر کە پیاو ماقووڵی تایفەی (تەیم) بوو، بازرگان بوو پیاوێکی رووخۆش و خو رەوشت باش بوو، دۆست و رەفیقی پێغەمبەر خودا بوو، هەرکە دەعوەتی لێکرد، ئیمانی هێنا و ئیسلامەتی خۆی ئاشکرا کرد و پێنج کەسی تر بە تبلیغی ئەو موسوڵمان بوون عوسمان کوڕی عفان، زوبیر و سعدی ابی اوقاص و عبدالرحمن کوڕی عوف و طلحە ی کوڕی عبیداللە.

کە ئیسلام و یەکتاپەرەستی دەنگی داوە، قوڕەیش دەستیان کرد بە دوژمنایەتی، ماوەی ١٣ ساڵ لە ژێر ئەو ئەزیەت و ئازارەدا پێغەمبەری خودا خۆی راگرت، لە کاری تەبلیغی دوای نەدا تا ئیسلام کەوتە شاری مەدینە.ئەم جارهیجرەتی کرد بۆ مەدینە حەزرەتی رەسوڵی پایە بەرز (ص) ئاڵ و گۆڕی بنەرەتی وەك خوداپەرستی و پەرەپێدانی ئازادی و یەکسانی لە جیهاندا پێك هێنا.

خوێندن کە لە ئێران و رۆم تایبەتی شاهزادەکان و وەزیر و بنەماڵە ئایینەکان بوو، لە ئیسلام دا کرا بە بەشی هەموو کەس. یەکەم ئایەت بۆسەری نازڵ بوو، دەستووری خویندن بوو. قورئان بە عەقڵ و مەنتیق و استدلالەوە خەڵکی بۆ لای ئیسلام و ئیمان بە خودا بانگ کرد. گەورەیی و چووکەیی لە سەر بنەمای رەگەز و رەنگی، هەلگرت. گەورەیی و چووکەیی لە سەر تەقواو پارێزگاری ـ بەکەڵکی و بێ زیانی ـ دانا. پێغەمبەر (ص) بە شێوەی تایبەت و جێگەی تایبەت و لای ژوورو و پێشکەوتن نەدەناسرا. لە هەر جێگەیێك جێی ببوایە دادەنیشت، لە دوای خەڵکەوە دەڕۆیی. لە سەفەران وێڕای رەفیقان کاری دەکرد. لە ئاو هێنان و دار کۆکردنەوە و جێ راخستن و چادر هەڵدان و وەڵاغ بەستنەوە و ئاودان. بەرگی خۆی بۆ خۆی دەشت و کەسکی لێ دەداو پاتاڵی خزمەت دەکرد. میوانی لە سەر بەڕکە دادەنیشاند و خوشی لە سەر عەرزبوو. بۆخۆی خزمەتی میوانی دەکرد هەرکەس قسەی لەگەڵ بکردایە، گوێی بۆ دەگرت و بەجێی نەدەهێشت تا ئەو کەسە بەجێی نەهێشتایە، رووە و روو قسەی لەگەڵ خەڵك دەکرد و تەنیشتی تێ نەدەکردن تووڕە نەدەبوو و کەسی بە خودا نەدەشکاندەوە. رەخنەی لە کاری کەسێك ببوایە ناوی نەدەبرد. دەیفەرموو بۆ جەماعەتانێك هەن کاری وا دەکەن. بە سەرانسەری وجوود و رەفتار و گفتاری رێنوێنی خێر و چاکە بوو بۆ ئینسانیەت. ئیمەی موسوڵمان ساڵیادی لە دایك بوونی چێژن دەگرین چونکە بە نصی قورئان بە (رحمة للعالمین) رەوانە کراوە، ئێمەش کە پەیڕەوی لە قورئان و ئەو بزرگەوارە دەکەین، لەو رەحمەتە بەرمان کەوتووە و بە جێیە کە صلواتی لێ بدەین و داوای زیاتری لە بارەگای خودا بۆ بکەین کە وسیلە و فضیلە و مقامی محمودی بداتێ. بەڵام ئەو پێغەمبەرە پایەبەرزە کە ئازادی و مساوات و یەکسانی و رزگار بوون لە بەندایەتی بەندان و دەسەڵاتدارانی کرد بە رێوشوێن لە جیهاندا و هەژارانی کرد بە هاوبەشی دارایان، بە جێیە کە هەموو ئینسانیەت ساڵیادی لە دایك بوونی بکەن بە جێژن و رێز بگرن لە خۆی و لە قورئانەکەی و لە رێوشوێنە جوانە بەجێ ماوەکەی و لە ئوممەتە دڵسۆزەکەی. وە لەگەڵ موسوڵمانان چێژن و شادی بکەن.

وصلی الله علی محمد و علی آلە و صحبە وسلّم.

# ئێعدام کردنی ٢٦٥کەس لە ساڵی رابردوودا لەلایەن رژیمی ئاخوندیەوە




رژیمی ئێران لەو رژیمە سەرەرۆ دیکتاتۆرانەیە کە دژی هەرجۆرە بیریکی جیاوازە و بەجۆرەها شێوە نەیاران و موخالیفانی لەناو دەبات. لە هەوڵی سەپاندنی فەزای پۆلیسیدایە بە سەر ئێران و بەمەبەستی گۆرینی فەرهەنگ و کەلەپوری میللەتانی ناوئیران هەروەها نەهێشتنی ئەفکاری جیا ماوەی چارەکە سەدەیێکە دەستی کردوە بەسەرکوتی بێ بەزەیانەی جەماوەری ئازادیخواز. مێژووی دەسەڵاتی ئاخوندانی ملهوور پرە لە کارەسات و جینایەت لەدژی مرۆڤ و، هەرکام لە کاربە دەستان لە ئیران کردەوەیان شورەیی و نەنگە بەرانبەر بە مرۆڤایەتی. کارنامەی رژیم، کارنامەیێکە کە لە مێژووی ئیراندا وەك کارنامەی دەسەڵاتی درندانە و کەم وێنە لە باری پێ شێل کردنی مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا، رادەی تەنگاو کردنی کۆمەڵگە و نانەوەی تۆوی دوبەرەکی و سپاردنی لاوانی ئازادیخواز بە جوخەکانی ئیعدام و سووکایەتی بە کەسانی سیاسی و چاودەرهێنان و گەراندنی مێرمنداڵان بەوڵاغ و تەجاوەز بە ئافرەتان، نمونەیێکن لە مشتێك خەروار، کە رژیمی ئێران بەرانبەر بەجەماوەر ئەنجامی داوە. ساڵ بەساڵ، فەزای ترس و تۆقاندن لە ئێران زیاد دەبێ و ئاخوندان بە کەیفی خۆیان هەلس و کەوت لەگەڵ خەڵك دەکەن. ئێعدامی بێ ژماری لاوان لە شوێنی گشتیدا بەرەو سەرچووە، ئیعدام کراوان لەساڵی رابردوودا ژمارەیان گەیشتە ٢٦٥کەس کە ١١٦کەسیان لەبەرچاوی خەڵك هەڵواسراون و ١٤٩کەسی دیکەش لە چاڵەرەشەکاندا بەشێوەی نامرۆڤانە و بەشکەنجە کوژراون . ژمارەی ئەو ئیعدامانە ئەگەر لەگەڵ ساڵی ١٣٨٤بەرانبەر بکرێ، ٥لەسەد زیادی کردوە، واتە ٨٧کەس زیاتر لە ساڵی ١٣٨٤ئیعدام کراون. وێنەی ئیعدام کراوان کە کاناڵە راگەیاندنە دەرەوەیەکان بڵاویان دەکردەوە، مرۆڤی دەتاساند و ویژدانی ئینسانیەتی دەبزواند. ئیعدام کردنی لاوان و مێرمنداڵان لەبەر چاووی خەڵك بۆتە هۆی ترس و تەوحوش لەدڵی کۆمەڵێك لاو مێرمنداڵدا، لە بەرانبەریشدا سیمای رەشی رژیم نیشان خەڵك دەدا. ئەوە ماهیەتی ئەو دەسەڵاتەیە کە بەوەحشیانە ترین شێوە خەڵك لەناو دەبات. دەرکردنی ٦٢٠حوکمی ئیعدام و بەردەباران لەساڵی ١٣٨٥دا، لە تاریخی ئەو وەڵاتە و رۆژهەڵاتی ناوەراستدا کەم وێنەیە. ئەو پەلەپەلە کردنەی رژیم لەهەڵواسینی لاوان بەجوخەکانی ئیعدام دەرخەری ترس و دڵە راوکێی ئاخوندانە لە نارەزایەتی کومەڵگەی ئیران. دەسەڵاتداران هەوڵ دەدەن بەترساندن و کۆمەڵ کوژی ئازادیخوازان نارەزایەتی ناوخۆیی بێ دەنگ بکاو شەپۆلی رق و تورەیی رابوان وجەماوەری ستەم لێکراو کۆتایی پێ بێنێ. لەگەڵ رێگەی بەربلاوتری سەرکوت و گەرانی تەحقیرانەی لاوان بەسواری گوێ درێژ لە شارە جۆراو جۆرەکان، بەبیانووی ئەوەی ئەوکەسانە هێمنایەتی شارەکانیان تێك داوە، گرتۆتەبەر کەلە ساڵی١٣٨٥دا ٨١جار ئەوکارەی کردوە و ئەو ژمارە دوو بەرانبەر لەساڵی ١٣٨٤زیاترە. ئاماری گرتنی لەخۆوە لەلایەن پاسداران و هێزە جەلادەکانی رژیم، زیاتر لەیەك ملیون و دوسەد و هەشتاو پێنج هەزار کەس تۆمارکراوە. شەپۆلی گرتن لە ساڵی ١٣٨٥، دەبەرانبەر لەساڵی ١٣٨٤زیاتر بووە. لە ساڵی ١٣٨٥دا، زیاتر ١٦٠ جار قامچی لێدان لەبەرچاوی خەڵك ئەنجام دراوە، کە٥بەرانبەر زیاتر لە ساڵی ١٣٨٤ە. لەگەڵ ئەو هەمووە سەرکوتگەریەی هێزە ئەمنیەتەکانی رژیمی ئاخوندی دەرخەری شەری بەربلاوی ئاخوندانە لەگەڵ خەڵکی ئێران . ئاماری تۆمارکراو لە ساڵی ١٣٨٥دەری دەخات کە پێك هاتەکانی خەڵکی ئێران زیاتر لە٤٨٠٠ جار مانگرتن و گۆشەگیری و کۆبوونەوە و تێك گیرانیان لە دژی رژیمی ئاخوندی و سیاسەتە شوومەکانی وەرێ خستووە. ئەو ژمارە دەرخەری نارەزایەتی خەڵکی ئیرانە کە رژیمی لە هەموو کاتێك زیاتر لەگەڵ ناکامی و ناهومێدی بەرەو رووکردووە.بێ گومان پەسەند کردنی بریارنامەی ١٧٤٧ی شورای ئەمنیەت کە تەریك خستنەوەی رژیمە، قۆناغ بە قۆناغ، کاریگەری زیاتر لەسەر رژیم دادەنێ و خەڵکی ئێرانیش تەحەمولی ئەو هەمووە نەهامەتیەی کە رژیم سەپاندویەتی، ناکەن و تەنیا دەرووی رزگاریان لە دەست دیوەزمەی ئاخوندی خەبات و موبارەزەی بەردەوامە.